# شکست لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە سەرکەوتنەکانی منالّی ئەدەیتە دەست گەورەبوون!


هیوا قادر

گفتوگۆی/ مەریوان عەلی

فـــەنتازیای دنیـــای منـــالّی؛ فەنتازیایەکـــە هـــەرگیز گـــەورەیی‌و پیـــاوبوون هەســـتی پێناکـــات. بۆیـــە شکســت لــەو کاتــەوە بــۆ هــەر یــەکێك دەســـــتپێدەکات کەهـــــەموو سەرکەوتنەکانی منالّی بێباکانە بداتــە دەست گــەورەبوون، خــودی منــالّیش هێنــدەی دۆزینــــەوەی نهێنییەکانـــە؛ هێندەش شەرم‌و سەرکێشییەکە هەرگیز گەورەبوون درکی پێناکات‌و نـاتوانێت نـەك سـنورەکانی ببڕێت بـەڵکو لێـــی رامێنێت.

دەکـرێ بەپرســـیارو فـــەنتازیای منالّیتـــەوە قســـە لەگـــەڵ گـــەورەبوون بکـەیت‌و پرسیارەکانی خۆتــی ئاڕاستە بکـەیت، بۆیـە کـاتێك هیـوا قـادر-ی نووسەرو رووناکبیر لەبەرنامەی دیدگای تەلــەفزیۆنی گـــەلی کوردســـتاندا، لــەدەرگای ئـــەو پرســـیارانەو منـــالّیدا کۆمـــەڵێك پرســـیاری لا وروژانـــدم، هەڵبەتـە ئـەوەش بـۆ خـۆی پرسـیارەکە هیـــوا دەڵێـــت دەمـــەوێت هەمیشـــە منـــالّبم، گـــەرچی ئەمـــە بـــۆ خـــۆی تەفسیری جیا هــەڵدەگرێت، بــەڵام مـن هـــەمان ئـــەو پرســـیارەم لەڕێگـــەی ئیمەیلەوە ئاڕاستەکردوو ئەم گفتوگۆیە دروستبوو.

***هیوا قادر بـۆ هەمیشە دەیەوێت منالّ بێ؟**

– چونکە هەمیشە هەسـت دەکـەم من وەك ئەو پاڵەوانەی رۆمـانی تـەپڵی گۆنتـــەر گـــراس، گـــەورەبوون چۆکـــم پێدادەدات بەرامبەر ئـــەو ئەنارشیەتەی کە لەناومدا هەمیشە قولْپەقولْپێتی، هـــەرچ کـــاتێکیش هەســـتمکرد دنیـــا ئەوەیە کەدەمەوێت‌و وەڵامەکان وەڵامی پرســـیارەکانی منـــن، ئـــەو کاتـــە گـــەورەدەبم، بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو کاتـــە گەرتوانیم وەك گەورەیەکی شارەزا باس لەمنالّی بکەم.

دەمەوێت تا ئەو کاتەی گەورەبوونم لێوەدیار نییە هەر منالّبم، وەك ئەوەی تـا بەیانییـە بـەیانیبم‌و بیر لـە ئێـوارە نەکەمەوە، تا کەبووم بەئێوارە خـەم بۆ بـەیانی نـەخۆم. منـالّی ئـەو مۆسیقاو ئیقاعەیە کە هیچ رێسـاو یاسـایەك لەخۆی ناگرێت؛ تا بتوانم فیڵی یاسـاو رێســـاکان دەرکپێبکـــەم، تـــا دووبارەبوونـــەوەکان‌و بینینـــەکان‌و ناونانەکان‌و ماناکان شەکەتم نەکەن.

رەنگـە هـۆی ئـەوەش بێـت جیـا لەهەندێك کەسی تر کـەقۆناغی هـەرە ناسکی هەستکردن‌و پرسیارکردنی من لـەقۆناغی منـالّیمدا دروسـتبووبێت. من کەس نـەبوو وەڵامـی پرسیارەکانم بداتـــەوە، کـــەس نـــەبوو شـــەرمنیم بشکێنێ‌و دەستمبگرێت بۆ قسەکردن، من دەستم بۆ دارە دارکـردن‌و رۆیشتن دەگیرا وەك هـەر منـالّێکی تـر، بـەڵام هـــەرگیز دەســـتم نـــەدەگیرا بـــۆ دارەدارەکردنـــی ئـــەو خـــەون‌و فەنتازیایانـــەی کەهـــەموو دنیـــا بچکۆلەکەمی داگیرکردبوو. گـەورەکان نەیانهێشت من ببم بـەخاوەنی زمـان‌و رێزمانی خۆم‌و خێرا زمـان‌و رێزمـانی گەورەیان فێرکردم. من لـەوێوە نـهێنی فێڵی بەفـەنتازیکردنی ژیـانم زانـی، دەبوومە پاڵەوانە گەورەو ئازاکان بەڵام بەدیدو هەستێکی منالانـە، بۆیـە مـن زیـاد لـەو سـنوورانەی ئـەو پاڵەوانانـە بـەزاندبوویان مـن بـەزاندمن، هـەر بۆیەشە نامەوێت هەر وا بەئاسانی ئـەو سەرکەوتنانە تەسلیمی گەورەیی بکـەم. مـن لەوکاتـەوە توانیـم بـە زمـانی تەیرەکان‌و خـەیالّی هـەورەکان بدوێم‌و سواری پشتی بام بۆ ئەو شارانەی کەلە کۆڵانەکەمان‌و شـارەکەمان جیـاوازترو گەورەتربوون. هەمیشـە تـۆوی دڵڕەقـی گـەورەکان ئازاریـان دەدام کـەفێریان دەکردم بەو شێوەیە ئازابم‌و ببم بەپیاو، من لەو کاتەوە ماناکانی پیاوەتیم لەلا ناشیرین بوو، هەر دەمویسـت منـالّبم،

> **دەبێت بزانین کە ئەوەی هێزی تێگەیشتنمان دەداتێ لەیەکتری عەشقە، نەك رق؛ ئەدەبیش کاری مومارەسەکردنی ئەو عەشقەیە، ئەوانەی رقیان لەیەکترییە هەرگیز ناتوانن یەکتری بناسن.**

بەئەقڵی خۆم بکەم، تێکەڵی یاریـەکانم بم، خـۆم بدەمـە دەسـت فـەنتازیاکانم‌و سەفەر بکەم.

دەزانیـت هـاوڕێم منـالّی یەکـەم قۆناغی سەفەری ئینسـانەکە لـەژیاندا دەسـتپێدەکات، مـن دەمویسـت ئـەو سـەفەرە بەکـەیفی خـۆم بکـەم نـەك بەبریاری گەورەکان‌و مەرجی تابۆکـان، ئـەوەی لـە یەکـەم سـەفەری منـالیدا شکسـتبینێت‌و دەسـتبەرداری ئـەو سـەفەرەبیت، هـەرگیز لـەزەت لـە سـەفەرەکانی تـری ژیـانی ناکـات‌و نـاتوانێت نهێنیـەکان بدۆزێتـەوە. هـەر بۆیـە زۆرن ئەوانـەی سـەفەردەکەن‌و دینـەوەو دەسـتبەتالن، چونکـە هـەموو سـەفەرێك دەبێتـە خـاوەنی چیرۆکی خۆی‌و دەستەودیاری خۆی بێت. ئـەوەی یەکەم جار چووە سـەرمانگ، جگـە لـە جوانی سەفەرەکەی، ئەو بەردو توورەکە خۆڵانەبوون کـە جوانیـان بەخشـی بـەو سـەفەرە؛ بـەڵام توورەکـەی پـر شـیعری شـاعیرە سـۆفی‌و عاشـقەکانی خۆرهەڵات زۆر جوانترن لەهـەموو ئەو دیاریانـەی کـە لـەڕێی فـەنتازیاوە تەکنەلۆژیا پێیگەیشتووە بۆ گەیشتن بۆ سەر مانگ.

لـەبیرت نـەچێت منـالّی راکـردن نییە لەپرسیارە گەورەکان‌و خۆدزینـەوە نییە لەفیکرو کەشفکردنی ئەو شتانەی کە جگە لەچاوی منالّـەکان گەورەکان نـاتوانن ببیننـن. لەبـەردەم منـالّیدا بـەزاندنی سنورێك نییـە مـەحالّبێت، مەگەر تەنها قورسی ئەو سنوورانەی کـە گـەورە بـەخۆی‌و یاسـاو مۆراڵەکانیـەوە چنیوییـەتی، ئـەویش تەنـها لەبـەر ئـەوەی وەك منـداڵ بیرنەکەینەوە. من پێموایە پرسیارەکانی سـەرەتاو قەلەقیـە فەلسـەفیەکان گـەر فـەنتازیاکانی منـالّی لەپشـتەوە نـەبووبێت مـەحالّبوو ئێمـە ئێسـتا بمانتوانیایـە، سـود لـەکۆی ئـەزموونی مرۆڤایـەتی وەربگریـن. زمـانیش بـۆ خۆی لەداهێنانی منالانە بـەڵام دواتـر گـەورەکان رێزمانیـان بـۆ دانـاو دیالێکتەکانیان جیاکردەوە.

وەك لـەڕۆمانی (مایا)ی یوسـتین گاردەردا هاتووە کـەدەڵێت: ملیارەهـا سـاڵی ویستووە تائینسـان خـەلقبێت، بەڵام تەنـها چـەند چرکەیـەك بەسـە بۆ مردنـی)، دەق ئەمـە راستە بەرامبـەر ئەوەی کەئێمـە هـەموومان بەساوایی‌و منالّییـەوە هاتینـە نـاو ئـەم ژیانـەوە، بەڵام چەند ستەمە هەروا زوو گەورەبین، گەورەییـەکیش کـەڕووتمان دەکاتـەوە لەهـەموو هـێزێکی پرسـیارکردن‌و کەشفکردن.

دوا قسـە بـۆ ئـەو گەورانەیـە کەگاڵتـەیان بـەم تێفکرینانـەی مـن دێـت، وەك چۆن ئەوانـەی عاشـق نـین هەمیشە گاڵتەو بزەیـان دێت بەقسـەو رەفتارەکانی عاشقێك، وەعاشقەکانیش پرسیاری ئەوە دەکەن کـە ئـەوانیش بـۆ وەك ئـەوان عاشـق نین‌و ژیـان جـوان نابینن. منالّی راکـردن‌و خـۆ دزینـەوە نییە، بەڵکە هێشتنەوەی ئـەو هەسـت‌و چاوتیژیەیە کە شـەرم لـەهیچ ناکـات‌و لەهـــەموو جێیەکـــە، بـــەردەوامی بەکەشـــفکردنەکانی دەدات‌و گـــوێ لـــەهیچ لۆژیکێـك نـــاگرێت‌و هیـــچ شتێکیش لەبـەردەمیدا موتڵـەق نییـە. وەك چـــۆن هەمیشـــە گیرفـــانی شـــەرواڵەکانی منـــالّیم پڕبـــوون لەهەڵمات‌و بەرد، ئاواش ئێستا منالّی بۆمن گیرفانەکانم پڕدەکات لـەگومان‌و پرسیار.

***ئایا لەنێوان منالّی‌و گەورەبوون‌و شیعردا چ پانتاییەك بۆ ژیان هەیە؟**

-لـەنێوان منـالّی‌و گـەورەبوون‌و شـیعردا پانتاییـەك هەیـە نـاوی کەشفکردنە، گەیشتنە بـەو جێیانـەی کـەهیچ کـەس پـەیی پێنابـات، تێگەیشتنە لەمانا تازەکـان بـۆ ژیـان‌و خۆڕزگارکردنـە لـەو مانایانـەی کـەمۆڕاڵ‌و مـەنتیق‌و دووبارەبوونـەوە رەنگی لێبڕیوون. ئـەو جێیـە ژیانێکی تازەیـە، کیشـوەرێکە کەگـەورەیی ناشیرینی نـەکردووەو نەیداوەتـە دەسـت مانمدووبون‌و دووبارەبوونەوە. ئەو جێیـە کەژیانی ناوە، جیاوازە لەو ژیانـەی کـە بەلەزەتـە سـاتەوەختیەکان قـورس‌و ناشـیرین بـووە، ئـەوێ پەنایەکـە بـۆ دوواندنی رووناکی بەزمانی خۆی، لـەو جێیە هیچ شتێك ناشیرین نییە، مرۆڤ عاشـقترین بوونـەوەرە تێیـدا، میـوەی حەرام‌و حەڵاڵی تێدانییە، دوالیزمەکان لـێرەدا دروسـتنابن‌و دنیـای تێـدا بەشـناکرێت. تەنـها سـەروەرێك لـێرەدا هەبێت عەشـقە، تەنهاییەکـە کەعەشق بەرهـەمدێنێت نـەك مـەرگ لەگـەڵ مەرگیشـدا هاوڕێیـە بـۆ ئـەوەی لەزەتـەکانی ژیـان نـەدۆڕێنێت، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو جێیـە هیـچ تـەعریفێکی کۆنکرێتـی نییـە بـۆ عەشق؛ چونکـە لـێرەدا دەزانیـت کـە ئینسـان چ کائینێکی ئاڵۆزو دەوڵەمـەندە، تـابێت تـۆ لـێرەدا گـڕی دەرونـت روو لەزیادبووندەکات‌و تاریکییەکانی ژیان رۆشن دەکەنەوە. جۆرێکە لەدرێژەدان بە وەجد بۆ ئەوەی تۆ هەمیشە ببینیـت‌و بنووسـیت‌و عاشـقبیت؛ شـەڕێکە بـەردەوام بێ بردنـەوە، بـەڵام هەمیشـە جـەنگاوەر، دۆنکیشـۆتییەکە هەمیشـە ئامـادەی جـەنگ، چونکـە ئـەو کاتـەی خۆمان بـەبراوە زانـی ئیدی دۆڕاویش دەستنیشان دەکـەین، ئیدی سـەروەری ئەو جەنگە لەخشتەمان دەبات‌و هـێزی کەشفکردنمان لاوازو بێ تین دەکات.

دەبێت نێوانێك نەمێنێت لـەنێوان منالّی‌و گەورەبوون‌و شیعردا، دەنا ئەو ژیانەی لێوەی دەدوێم دەیدۆڕێنین‌و ئـەو ژیانە دەبەینەوە کە زۆرینە تێیدا دەژی‌و مـاندووە بەدەست لەدەستدانی بـەها ئینسـانیەکانی خۆیـەوە، ئـەو ژیانـەی کەنووسـەربوون دەتکاتـە پیـاوێکی وەعزەدەرو هیچ نالّێیت جگە لەرستەی پێشـوتر وتـراو بێخوێـن، دەتکاتـە کۆشـکێك بـەڵام بـەدەر لـەڕووناکی، هالەیەك بێ رۆح.

گۆڕی نووسەر تەنـها خۆیـەتی کـە لەناو دێڕەکانیدا بۆخۆیی هەڵدەکـەنێ، دەنـا هیچ هـێزێك نـاتوانێت بـەدەر لەخۆی گۆڕی بـۆ لێبدات، هەر بۆیـە دەڵێـن ژیـانی وشـە لـەژیانی بـەرد درێژترە، دیارە ئەو ژیانەی کەهەمیشـە پـڕە لـەڕووناکی‌و جوانـی. بەهـەمان شێوەش هیچ دەسـتەڵاتێك نـاتوانێت ژیانی هەمیشەیی بەنووسەر ببەخشێت گەر خۆی بـەخۆیی نەبەخشیبێت. مـن بـەزەییم بـەو نووسـەرانەدا دێتـەوە کـەمنالّی خۆیـان دەکـوژن تـا لەدیوەخانی گەورەکاندا دانیشن، ئەوانە تێناگەن کەشیعرو رۆشنبیری هەمیشـە نووسـەر بـەرەو شـەفافیەت‌و سـادەیی دەبات، نەك لوتبـەرزی‌و بـەخۆدانازین. ئەو نووسەرەی گەیشتە ئەو ئاستە شـك لەتواناى کەشفکردنەکانی بکە، چونکە ئیدی ئـەو بـەرەو رووناکییـەك دەچێت کەڕەنگـە رووناکی دەسـتەڵاتێك بێـت بـەدەر لەدەسـتەڵاتی خـۆی، نـەك رووناکییـەك کـە لەهـەمان کـاتدا دەسـتەڵاتەو شـەفافیەت‌و داهێنـان.

دەبێـت بزانیـن کـە ئـەوەی هـێزی تێگەیشـتنمان دەداتـی لەیـەکتری عەشـقە، نـەك رق؛ ئـەدەبیش کـاری مومارەسـەکردنی ئـەو عەشـقەیە، ئەوانـەی رقیـان لەیەکترییـە هـەرگیز ناتوانن یەکتری بناسن.

مـن منـالّیم فـێری تورەبـوون‌و پرسیارو گەڕانی کردم، گەورەیی قاڵترو قوڵترو وردتری کـردم، شیعر شتێکی دامـێ کەکـەس نـەیتوانی بمداتـێ، ژیانیش فێری کردم کە ئەوە تەنها ئـەو پانتایـەی کە دەبێت من شـەڕەکانی خۆمی تێدا بەرپا بکەم. ژیـان بـۆ مـن سـەفەرێکە کـەدەزانم وەك دڵـی جیـوە هەمیشە لێدەدات، بەڵام منیش سـۆزم بەخۆمداوە کە لەگـەڵ خـۆم‌و لەگـەڵ تەنـهایمدا تـابتوانم هاویـاربم، تـابتوانم بـاوەش بـەژیاندا بکـەم‌و سـەفەرەکەم درێژە پێبدەم.